لەگوندێکدا بەڕێوەبەرێك و ١٤ پۆلیس دەکوژرێن

پ.موسڵ/ رۆژی ٢٠٠٥/٦/٧ بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری گەورە کە لەهێرشێکی خۆکوژیدا بۆ سەرگەورەترین بنکەی پۆلیس لەگوندی (تل العبد) تەقیەوە، ١٢ پۆلیسی عێراقی و ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی گوندەکە گیانیان لەدەستدا، هەروەها ژمارەیەك خانووی بەخشت دروستکراوی هاوڵاتیان رووخاو و ئاگری تێبەربوو. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە(میدیا)ی ڕاگەیاند کەوا لەهەمان کاتی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلەکە ٧ گوللە هاوەن ئاراستەی ٢ بنکەی دیکەی پۆلیس کراوە لەگوندەکەو لەئەنجامدا بەڕێوەبەری یەکێك لەبنکەکان و ٢ پۆلیس کوژران و ٤ پۆلیسیش بریندار بوون.

٥ گوللە هاوەن دەکەوێتە سەر بارەگای یەکێتی

پ.موسڵ/ رۆژی ٢٠٠٥/٦/٦ لە موسڵ پێنج گوللە هاوەن کەوتە سەر بارەگایەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەئەنجامدا ٦ پێشمەرگەی بارەگاکە بەسوکی بریندار بوون.

٢ ڕۆژنامەنووس و ٢ هاووڵاتی دەرفێنرێن

پ.موسڵ/ رۆژی ٢٠٠٥/٦/٧ لەشاری موسڵ تیرۆریستان هەریەک لەڕۆژنامەنووسان جەرجیس ئەحمەد کە بۆ چەند ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی موسڵ کاری دەکردو زەهرا محەممەد ناسراو بە دایکی مەروان کە لەبواری ڕاگەیاندن و ریکلام کاری دەکرد ڕفاندو دوای چوار ڕۆژ ئازاد کرا، لەلایەکی دیکە هەر هەمان ڕۆژ تیرۆریستان ٢ هاووڵاتی نەناسراویان لەکاتی دەرچوونیان لەبارەگای حیزبێکی کوردی ڕفاند.

٢ کچ دەسوتێنرێن

پ.ڕانیە/ رۆژی ٢٠٠٥/٦/٥ لەگوندی (گەرجال) لەناحیەی چوارقورنە، کارێز ڕۆستەم ٧٠٪ی جەستەی سوتا، دەگوترێ هۆکاری سوتانەکەی تەقینی پرێمز بووە، هەر بەهەمان هۆ لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٨ لەشاری ڕانیە، شاجوان فەقێ سەعیدی تەمەن ١٤ ساڵ ئاگری تێبەربوو و دەسبەجێ گیانی لەدەستدا.

ئافرەتێکی کورد دەڕفێنرێ

پ.کەرکوك/ رۆژی ٢٠٠٥/٦/٩ چەند چەکدارێك ئافرەتێکی کوردیان لەکەرکوك ڕفاندو بۆ ئازاد کردنیشی داوای ٦ دەفتەر دۆلاریان لەکەسوکاری کردووە. شایانی باسە ئافرەتەکە دانیشتووی گەڕەکی ڕەحیماوایە.

بەڕێوەبەری نەهێشتنی تیرۆر، تیرۆر دەکرێ

پ.کەرکوك/ کاتژمێر (١١)ی شەوی ٢٠٠٥/٦/١٠ لەنزیك مزگەوتی (النور الکبیر) ئۆتۆمبێلێکی جۆری (BMW)ی ڕەنگ ڕەش، کە چەند گومانلێکراوێکی تێدابوو تەقەیان لە عەقید "سەید ڕەحیم حەسەن سەرحەد" بەڕێوەبەری نەهێشتنی تیرۆرو گەندەڵی لەپارێزگای کەرکوك و جێگرەکەی نەقیب "غانم هێلال کازم" کردو لەئەنجامدا هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.

لە حەویجە ٣ ئۆتۆمبێل دەتەقێنرێنەوە

پ.کەرکوك/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٧ تیرۆریستان بە چوار ئۆتۆمبێلی مینڕێژکراو هێرشیان کردە سەر سەربازگەیەکی سوپای عێراقی لەحەویجە، سێیان تەقینەوەو یەکێکیشیان ڕایکرد. ئەم کردەوە خۆکوژیەش بووە هۆی کوژرانی ١٨ کەس و برینداربوونی ٢٠ کەس، سەرچاوەیەك لەسەربازگەکە ڕایگەیاند کەوا گومان دەکرێت تیرۆریستەکان لوبنانی بووبن.

پۆلیسێك سوکایەتی بە ئاڵای کوردستان دەکات

پ.کەرکوك/ پاش ٢ مانگ لەئەنجامدانی مشقی ئەمنی، لەکاتی گەڕانەوەی پۆلیسە بەشداربووەکانی مشقەکە لەسلێمانیەوە بۆ کەرکوك لەناو کۆستەر پۆلیسێکی عەرەب بەناوی "سەعدون سایبر ئەحمەد" کە سەر بە پۆلیسی ڕیزە سوکایەتی بە ئاڵای کوردستان کردووەو دڕاندوویەتی و گوتوویەتی "چیان نەکردووە با بیکەن".

لەماڵێکدا هەندێك سەنەوی و ژمارەی ئۆتۆمبێلی ساختە دەدۆزرێنەوە

پ.کەرکوك/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٩ پۆلیسەکانی سەر بە بنکەی پۆلیسی گەڕەکی (دومیز) لەکەرکوك، لەکاتی پشکنینی ماڵێك لەو گەڕەکەدا ژمارەیەك چەکی قورس و هەندێك سەنەوی و ژمارەی ئۆتۆمبێلی ساختەیان دۆزیەوە.

نووسینگەیەکی خانووبەرە دەسوتێنرێ

پ.کەرکوك/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٩ لەگەڕەکی (دور الامن) لەشاری کەرکوك، تیرۆریستان نووسینگەیەکی خانووبەرەیان سووتاند بەو هۆیەی کە ناوی نووسینگەکە ناوێکی کوردی بووە.

بۆمبێك پوچەڵ دەکرێتەوەو ٢ کەس بریندار دەبن

پ.کەرکوك/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٧ سەربازانی سوپای عێراقی بۆمبێکیان لەڕێڕ بۆڕی گاز لەنزیك دێی (خەبازە) لەڕێگای کەرکوك – حەویجە پووچەڵکردەوە، هەر هەمان ڕۆژ تەقینەوەیەك لەناو بارهگای ناحیەی ڕیازی سەر بە حەویجە ڕوویداو بووە هۆی بریندار بوونی ٢ کەس.

د.مە حمود دەرفێنرێ

پ.کەرکوك/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٧ لەناحیەی ڕەشاد چەند چەکدارێکی نەناسراو (د.مەحمود فەتاح)یان ڕفاند، هەر هەمان ڕۆژ لەشارۆچکەی دووز باندێکی تیرۆریستی دەستگیرکران.

هەڵمەتێك بۆ گرتنی تیرۆریستان

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٩ هێزە تایبەتەکانی وەزارەتی بەرگری عێراقی لەموسڵ لەهەڵمەتێکی پاککردنەوەی ناوچەی گەڕەکی "الانتصار"دا توانیان ١٠ تیرۆریست بکوژن و چواری دیکەش دەستگیر بکەن. لەهەمان ڕۆژدا هێزێکی ING یەکێك لەیاریدەدەرانی زەرقاوی بەناوی (محەممەد مەحمود موتلگ) ناسراو بە (ئەبو ڕەعد)ی دەستگیر کرد. هەر لەهەمان ڕۆژدا لەگەڕەکی (الثورة) پۆلیسی موسڵ توانی (کەریم عەبدوڵڵا حەسەن) ناسراو بە (ئەبو مازن)و ١٤ تیرۆریستی دیکە دەستگیر بکات. لەمبارەیەوە جێگری فەرماندەی پۆلیسی موسڵ بە (میدیا)ی ڕاگەیاند کە ئەم گرووپە ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامەی ڕەسمی و ناسنامەی ساختەیان بۆ کارئاسانی تیرۆریستان دروستکردووەو ئەوەشی گوت کە لەگەڵ گرتنی باندەکەدا دەستیان بانگەشەی بەسەر ژمارەیەك لەو ناسنامەو ژمارە ئۆتۆمبێلە ساختانەدا گرتووە.

٣ مندا ڵ دەکوژرێن

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٩ تیرۆریستان ٤ گوللە هاوەنیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی (ام الربعین) کردو بووە هۆی کوژرانی ٣ منداڵ و بریندار بوونی ٨ هاووڵاتی سڤیل.

بەنزینخانەیەك گر دەگرێ

پ.سلێمانی/ کاتژمێر ١٢,٣٠ای ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١١ بەنزینخانەی پێشەوا لەشاری سلێمانی گڕی گرتو سوتا، خاوەنی بەنزینخانەکە دڵسۆزی شۆرتی کارەبا بووە هۆی سوتانی بەنزینخانەکە. جەمال سەید عوسمان ناسراو بە شێخ جەمال لەبارەی هۆی سوتانی بەنزینخانەکەی گوتی "ڕۆژانە ١٥٠٠٠ لتر بەنزینمان بۆ دێت، ئەو تەنکەڕەی بەنزینی بۆ هێناوین لەبەنزینخانەی چاڵەکەوە بۆی هێناوین، ئەو تەنکەڕانە عەدادیان هەیە کاتێك ئەو عەدادانە کاردەکەن و بەتاڵیان دەکەیتەوە گەرم دەبن، ئەو ڕووداوەی ئێستاش بەنزین چووتە سەر عەدادەکەو شۆرتێکی کارەبایی ڕوویداو دەرمنجام ئەو ئاگرەی لێکەوتەوە". لەبارەی زیانەکانی ئەو ئاگر کەوتنەوەیە گوتی "زیانی مادی ١٥٠٠٠ لتر بەنزین و ٦٠٠٠٠ لتر گازمان سوتاوە لەگەڵ تانکەرێکی سکانیای (١١٢)ە".

٣ شاحینەی بارهەڵگری خۆراك دەسوتێنرێن

پ.موسڵ/ ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١١ لەگەڕەکی (السکر) لەموسڵ ٣ شاحینەی بارهەڵگری خۆراك سەر بەوەزارەتی بازرگانی عێراقی کەوتنە ناو کەمینێکی تیرۆریستان، لەئەنجامدا یەك لەشوفێرەکان کوژراو دووەکەی تریش بریندار بوون و هەر سێ شاحینەکەش بەکەڵ و پەڵەوە سوتان. هەرهەمان ڕۆژ لەکاتی تێپەڕبوونی کاروانێکی سەربازی ئەمریکی لەگەڕەکی (السکر) و تێپەڕبوونی کاروانێکی دیکە لەگەڕەکی (الجامعه) ٢ ئۆتۆمبێلی مینڕێژکراو لەنزیکیان تەقینەوەو ژمارەیەك هاووڵاتی کوژراو بریندار بوون، بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بە ئەمریکییەکان بکەوێت.

٥ ئۆتۆمبێل دەتەقێنرێنەوە

پ.موسڵ/ هەفتەی ڕابردوو ٥ ئۆتۆمبێلی مینڕێژکراو لەجێگای جۆراجۆر لەناو قەزای تەلەعفەر تەقینەوە کە بوونە هۆی کوژرانی ٢٥ پۆلیس و ژمارەیەك هاووڵاتی.. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەپۆلیسی تەلەعفەر بە(میدیا)ی ڕاگەیاند کە پۆلیسی تەلەعفەر توانیویانە ٤ تیرۆریست دەستگیربکەن و ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراویش پوچەڵ بکەنەوە، کە لەلایەن خەڵکەوە زانیاریان پێدرابوو. هەروەها ئەوەشی گوت کەوا پۆلیسی تەلەعفەر بەهاوکاری سوپای عێراقی ٥٠ تیرۆریستیان لەبازگەکانی پشکنینا دەستگیر کردووە، کە ناوەکانیان لەلابووە. شایانی باسە هەر لەهەفتەی ڕابردوو ١٠ گوللە هاوەن ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی تەلەعفەر کراو بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی چەند کەسێك.

ئۆتۆمبێلێك وەردەگەڕێ

پ.کۆیە/ ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٥/٦/٩ لەڕێگای ناحیەی سکتانی سەر بەقەزای کۆیە، ئۆتۆمبێلێك کە لەکاری درۆینە دەگەڕایەوە، وەرگەڕاو ٣ لەسەرنشینەکانی ناوی گیانیان لەدەستداو دووی دیکەش بریندار بوون.

(کوردستان) شکایەت لەتورکیا دەکات

میدیا- ستۆکهۆڵم/ ڕازینەبوونی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی تورکیا بەگواستنەوەی کوردستان محۆ لەستۆکهۆڵمەوە بۆ ئیستەمبوڵ لەبەر ناوەکەی کێشەی لێکەوتەوە، مێزەکەی پڕیارەیداوە شکایەت لەهێڵی ئاسمانی تورکیا بکا و کێشەکە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیای داگرت.

کوردستان محۆ کە دایکی سێ منداڵە (یوسف، ئاڵاو ژەنا) تەمەنی ٢٣ ساڵە، خەڵکی زاخۆیەو ئەو سێ ساڵە خۆی و هاوسەرو منداڵەکانی پێکەوە لەسوێد دەژین. کوردستان محۆ لەکاتی چوونی بۆ سوێد لەڕێگەی سوریاوە بەهۆی ناوەکەیەوە (کوردستان) تووشی گرفت هاتبوو، بۆیە بۆ سەفەرکردنی بۆ کوردستان پڕیارەیدا بەڕێگەی تورکیاوە سەردانی کەسوکاری بکات لەباشووری کوردستان.

کوردستان محۆ بۆ گەڕانەوەی خۆی و سێ منداڵەکەی بلیتی لەهێڵی ئاسمانی تورکیا بڕین، بەڵام لەفڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم لەکاتی سواربوونی موسافیرەکاندا بەرپرسی هێڵی ئاسمانی تورکیا ڕازینەبوو (کوردستان محۆ) لەفڕۆکەکەیان سوار بێ بەهۆی ناوەکەی (کوردستان)، بەگوتەی ئەو بەرپرسەی تورك "ئەو ناوە حەساسی سیاسی دروستدەکا".

کوردستان قەدەغەیە بفرێ

کێشەی کوردستان محۆ لەچەند ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیادا جێگەی گرت، Frang Furter Rundechau لەژێر ناونیشانی "کوردستان قەدەغەیە بفرێ" هەواڵێکی بڵاوکردەوە، کەتێیدا ئاماژە بەروودواوەکەی کوردستان محۆو ئەو قەدەغەکاریەی لەتورکیا لەسەرناوی کوردستان هەیە ڕوونەکاتەوەو، دەڵێ وشەی (کوردستان) تائێستا تابووی لەسەرە لەتورکیا. هەروەها ڕۆژنامەیەکی دیکە گرنگی بەمەسەلەکە داوەو بەپرسێکی هێڵی ئاسمانی تورکیا بەڕۆژنامەی Kolner Stadt Angeiger ڕاگەیاندووە کە هیچ ناوێکی وایان لەلا نییە. بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە کوردستان محۆ سەری لەدائیرەی ناسنامەی سوێدداوە بۆ گۆڕینی ناوەکەی بۆ(نور)کە ناوێکی عەرەبییەو ولاتای ڕووناکی دەگەیێنێ.

هاوسەرەکەی شکایەت دەکات

هاوسەری کوردستان محۆ ڕایگەیاند کە ئەو شکایەت لەهێڵی ئاسمانی تورکیا دەکات، چونکە دەبوایە لەکاتی بلیت بڕین و پێش سەفەرەکە ئەوانیان ئاگادار کردبایەوە گوتی "ئەگەر بمانزانییا شتەکە وایە بلیتەکانی خۆمان لەوێ نەدەبڕین، دەچووین بلیتەکانمان لەهێڵێکی دیکەی ئاسمانی دەبڕین".

بەڕێرسانی بالیۆزخانەی تورکیاش لەستۆکهۆڵم لەو بارەوە ئەو بنەماڵەیان مافدار بینی. بالیۆزی تورکیا لەستۆکهۆڵم گوتی "دەبێت کە ئەوانەی لەناسنامەکانیاندا جێگەی لەدایکبوونی خۆیان بەناوی کوردستان تۆمارکردووە، شتێکی وایان بۆ هەبێ. بەڵام هاوڵاتییەکی عێراقی لەبەر ئەوەی ناوی کوردستانە چوونی بۆ تورکیا قەدەغە بێ، ئەوە ڕاست نییە".

بەهۆی گەچکاری و نۆژەنکردنەوەیان

پۆلیس ٣ خانوو دەڕوخێنێ

پ.سلێمانی/ (س، د، س) سێ ئافرەتی فەرمانبەرن و دانیشتووی شاری سلێمانین، ماوەیەك پێش ئێستا هەڵدەستن بەدروستکردنی دیوارو گەچکاری بۆ ئەو ٣ خانووەی کە ٣ ساڵ لەمەوبەر لەگەڕەکی کانی سپیکە کڕیبوویان، بۆ ئەم مەبەستە سەرپەرشتێك بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان دیاری دەکەن و دەست بەکارکردن دەکرێ تێیاندا.

یەك لەکرێکارەکان بە (میدیا) گوت "لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٢ کە لەشەشەم ڕۆژی کارکردن بووین، خەریك بوو کارەکان تەواو دەبوون، ژمارەیەك پۆلیس هاتن و ئێمەیان بۆ بنکەی پۆلیسی سارداو بردو لەوێ بەرپرسی بنکەکە بەتوڕەییەوە گوتی ئەگەر ئەو مەسەلەیە بگاتە لای سەرۆکی حکومەتیش تا یەك سەعاتی دیکە دەیاندرخێنم". یەك لەو هاووڵاتیانەی ئەو گەڕەکە کە لەکاتی ڕووخاندنی خانووەکان لەوێ بووە، گوتی "ئۆتۆمبێلەکانی نەهێشتنی زیدەڕۆیی دوایین بڕیاریان کردووە، کە بووەتە نیوەڕۆش هەر کەسە بەپارەی خۆیان نارەویانە ئان بێت "دوای ئەوە کاك سەلاح هات گوتی ئێوە تا کاتژمێر ٧ی ئێوارە لێرە دەبن و دوایی ئازاد دەکرێن، بەڵام دوای ڕۆیشتنی ئەو، پۆلیسێك هات هەموومانی خستە ژوورێکی ٢,٥×١,٥ مەتری و دەرگای لەسەر داخستین".

١٨٥٠ دینار کرێی گواستنەوەمان بۆ زیندان

کرێکارەکە دڕێژەی بەگێڕانەوەی ڕووداوەکەداو گوتی "دوای ئەوەی ئێمەیان بۆ بنکەی پۆلیسی سارداو برد، لەوێ بەئۆتۆمبێلێکی بنکە ئێمەیان بۆ شارەوانی گواستەوە، بەڵام شوفێری ئۆتۆمبێلەکە کە ئەویش پۆلیس بوو داوای کرێی گواستنەوەی لێکردین، ئەوەبوو بە ١٨٥٠ دینار قەناعەتمان پێی هێنا". لەدڕێژەی گێڕانەوەکەدا گوتی "لەشارەوانی بردیانەوە لای ڕائید سەلاحی بەرپرسی بنکەی پۆلیسی شارەوانی ئەویش بەهێمنی چەند پرسیارێکی لێکردینو بەپۆلیسەکانی گوت بەڵێننامەیان لێ وەرگرن و ئازادیان بکەن، بەڵام لەکاتی پڕکردنەوەی بەڵێننامەکان (تعهد) پۆلیسەکان گوتیان لەشارەوانیەوە فەرمان هاتووە کە جارێ بەند بکرێین". هەروەها ئەوەشی گوت کەوا هەموویان لەڕووری پۆلیسەکان چاوەڕێی دوایین بڕیاریان کردووە، کە بووەتە نیوەڕۆش هەر کەسە بەپارەی خۆیان نارەویانە ئان بێت "دوای ئەوە کاك سەلاح هات گوتی ئێوە تا کاتژمێر ٧ی ئێوارە لێرە دەبن و دوایی ئازاد دەکرێن، بەڵام دوای ڕۆیشتنی ئەو، پۆلیسێك هات هەموومانی خستە ژوورێکی ٢,٥×١,٥ مەتری و دەرگای لەسەر داخستین".

کوردی ٣ پارچەی کوردستان لەزیندانێکدا

کرێکارەکە هاتە سەر باسی ئەو ژوورە بچووکەی کە ئەوانی تێدا زیندانی کرابوو، لەگەڵ ئەو خەڵکەی پێش ئەوان لەژوورەکە بەند کرابوون "ئەو ژوورە ٩ کەسی تێدابوو، ئەوانەی لەوێ بەندکرابوون، هەمویان وەستاو کرێکار بوون، جگە لەوو کەس کە خەڵکی شاربوون، یەکێکیان ناوی کەریم سەعید قادر بوو کە وەك خۆی دەیگوت خاوەنی ١٠ سەر خێزانە و خوشك و برایەکی ئەنفالکراون، خەریکی دروستکردنی قاندرمە بووە بۆ خانووەکەی تاوەکو مندااڵەکانی بەبێ ترس هاتووچۆی سەربان بکەن، لەلایەن بەڕێوەبەری نەهێشتنی زیدەڕۆیی "ئۆجاوزات" دەسگیر کراوە، ئەویدیکە ناوی ئەحمەد نوری ڕەشید بوو ئەویش لەسەر دروستکردنی حەمامو ئاودەست بۆ خانووەکەی گیرابوو، لێشیان ڕووخاندبوو، هەروەها لەژوورەکە وەستاو کرێکاری لێبوو کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون، دوو گەنجی ڕۆژئاوای کوردستانیشی لێبوو کە بەتۆمەتی هەڵکەندنی بیری تەجاوز دەسگیر کرابوون".

کرێکارەکە لەبارەی ئەو دوو گەنجەی ڕۆژئاوای کوردستان دەگێڕێتەوە "ئەوان دەیانگوت ئێمە هەر بۆ ئەو کارە چوینەتە جەزائیرو مەغریب، بەڵام کەس نەیگرتووین، ئێستاش نەدەبوایە ئێمەیان بگرتبایە، چونکە ئێمە کرێکارین، دەبووایە خاوەن جیهازەکەیان بگرتبووایە، ئێمە یەکەمجارمانە دەگیرێین". هەروەها کرێکارەکە ئەوەشی باسکرد کە ژوورەکەدا ٢ عەرەبی خەڵکی شارەبانیش هەبوونەو یەکێکیان زۆر ترساوە "ژوورەکە زۆر بچووك بوو، ئۆکسجینی زۆر کەم تێدابوو".

ئەم کرێکارە زیاتر باسی لەگرفتەکانی خۆیان کردو گوتی ٣ براەردە لەسەعات ٥,٥ی ئێوارە پێویستیان بەسەر ئاو هەبوو، کەچی ئەوەندەیان لەدەرگادا کەس دەرگای لێ نەکردنەوە، تا یەکێك لەبندکراوەکان تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووس کرد کە پەیامنێری ئێوەیەو ناوی هاوڕێ کاوەیەو باش بوو کە ئەو هات دەرگا کرایەوەو هەموومان بەپەلەو بەنۆرە چوینە سەر ئاو.. لەوکاتە بەپۆلیسەکە گوترا کەوا کاك سەلاح گوتوویەتی سەعات ٧ ئازاد دەکرێن، بەڵام گوتی ئەوە پەیوەندی بەوانەوە نییە، تا لەکاتژمێر ٨,٢٠ دەقیقە ئازاد کراین.

حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان سمیناری خەزنەوی ساز کرد

حیزبی یەکێتی هەردوو بەرەی حیزبە کوردییەکانی لەسوریا شەرمەزار کرد

میدیا- لەندەن- قامشلۆ/ بەرەی دیموکراتی و هاوپەیمانی خۆنیشانانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ی قامشلۆیان پرۆژستۆ کردو، حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات سەمینارێ ڕێزگرتنی بۆ خەزنەوی ساز کرد.

ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٠ حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات لەشاری لەندەن سەمینارێکی لەمەڕ تیرۆرکردنی زانای گەورەی کورد د.شێخ محەممەد مەعشوق خەزنەوی ساز کرد کە ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/١٠ لەلایەن موخابەراتی سوریا لەدیمەشق ڕفێندراو لە ٢٠٠٥/٥/٣٠ لاشەکەی تەسلیمی کەسوکاری کراو، بەئامادەبوونی سەدان هەزار کەس لە قامشلۆ نێژرا. لەو سەمینارەدا د.جەواد مەلا سەرۆکی حکومەتی ڕۆژئاوای کوردستان لەدەرەوەی وڵات و چەند کەسێکی دیکە لەسەر تاوانەکەو شێخ مەعشوق وتارێن پێشکێش کرد.

لەلایەکی دیکەوە دوای ئەوەی بەڕەی دیموکراتی کورد لەسوریا و هاوپەیمانی دیموکراتی کورد لەسوریا لەبەیاننامەیەکی هاوبەشدا لە ٢٠٠٥/٥/٦ ڕێکخەرانی خۆنیشاندانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ کە بریتیبوون لە (حیزبی یەکێتی کورد لەسوریاو پارتی ئازادی کورد لەسوریا) تاوانبارکردن بە بەکارهێنانی جەماوەر بۆ مەرامە حیزبیەکانیان و ئەو دوو حیزبەیان بەسەمبەکاری تاڵانکردنی ئەو دووکانڵو شوێنە بازرگانیانە دانا کە لەلایەن عەرەبەکان بەهاوکاری هێزەکانی سوریا تاڵانکران و ئەو خۆپیشاندانەی کە دژی تاوانی تیرۆرکردنی شێخ خەزنەوی ساز کرابوو بە نادروست لەقەڵەمدا. لەبەرامبەردا فوئاد عەلیکۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی یەکێتی کورد لەسوریا ئەو خۆنیشاندانەی بەوەڵامێکی زۆرداری و تیرۆرکارییەکانی دەوڵەتی سوریا داناو هێرشی هەردوو بەرەکەی بە "پیلانێکی چەپەڵ و ناپەوا" وەسفکرد.

باشە! چرا هەڵگەین؛ چی تێدا ماوە، بەرێزینە

جەمال نەبەز- ئەڵمانیا

کە مرۆڤ لەم رۆژانەدا؛ رۆژنامەی دوو زلحیزبەکە دەخوێنێتەوە، گوێبیستی قسەی سەرکردەکانیان دەبێ و، تەماشایەکی تەلەفیزیۆنەکانیان دەکا، کە بە پارەی رفێنراو، لەهەژاران و لیقەوماوانی کورد، دەچنبەرێوەو، تەپل و زورنا بۆ رێبازی چەوت و چەوێڵ و، چەواشەکەرانەی حیزبەکانیان لێدەدەن، هەست بەوە دەکا، کە ئەمانە پێیانوایە نهێنییەکی زۆر، شاراوەو گرنگیان دۆزیەوەتەوە، ئەوەش ئەوەیە کە، حکوومەتی برایم جەعفەری، "نیازی خراپە بەرامبەر بە کورد"؛ چۆنکە لەبەرنامەی حکوومەتەکەیدا؛ نەباسی "تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان" کراوەو، نە "ئاماژە کراوە بە قانوونی کاتیی بەرێوەبردنی دەوڵەت" و نە "نێوی پەرلەمانی کوردستان" هێنراوەو، نە "ئاماژە کراوە بە مادەی ٥٨ی قانوونی کاتی بۆ ئاسایییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک"، ئەمە بێجگە لەوەی کە لەسوێنددانی وەزیرەکانی کابینەی جەعفەریدا؛ وشەی "فیدراڵی و دیمۆکراتی" پەرێنرابوون. ئەوەشی بچێتە سەر؛ کە حکوومەتی جەعفەری، لەرێی وەزیری نێوخۆکەیانەوە، بەیان جەبر سۆلاخ، کە ترکمانێکی شیعەیەو، باوەرپێکراوی رژێمی ئێرانە –ئەمەشم دەمێکە باسکردووە، بەتایبەتی لەوتووێژی رۆژی ١٢ی گولاندا لەگەڵ رادیۆی ئوستراليا، کە رادیۆی "رۆژئاوا"ش چەند جارەکی دیکە بلاویکردەوە- بریاری دەرکردنی دوو هەزارو پێنجسەت ئەفسەرو پۆلیسی کوردی لەکەرکووک داوە. ئەوەجا ئێستە دەبێ؛ قسە نەستەقە کوردییەکە بێتەوە بیرمان کە دەبێژێ "چرا هەڵکەیت، هەر گووی تێدا ماوە".

ئێستە ئەگەر یەکێک ویژدانی هەبێ و، رۆژنامەی "میدیا"ی خوێندبێتەوە، کە دڵنیام سەرکردەکانی دوو زلحیزبەکە دەیخوێننەوە، زۆر باش ئاگای لەوە هەیە کە دەمێکە باسی ئەوەمکردووە کە ئاغای جەعفەری فارسەو گوێرایەڵ و خزمی مەلا سیستانییە، بەپێی هەواڵێك کە رۆژنامەی "کیهان" (چاپی لەندەن ١٠٥٧، ٢٦/٥-١/٦/٢٠٠٥) بلاویکردووەتەوە. کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی رژێمی مەلاکانی ئێران کە چووە بۆ عێراق، چووە بۆ سەردانی مەلا سیستانی، مەلا سیستانی زۆر بەگەرمی و دۆستانە پێشوازی لە خەرازی و هاوڕێکانی کردووە و کاتێکی زۆری داوە پێیان بۆ مانەوە لەلای و خۆشەویستیی فرەی خۆی بەرامبەر بە خەڵکی ئێران پێشانداوەو گوتوویێتی هەموو کاتێك دۆعای خێر بۆ گەلی ئێران دەکاو، بە (ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراق) یشی گوتووە کە مافی "کەمایەتیی سوننی" ون نەکەن. بەراستی سیستانی و جەعفەری هەردووکیان هیچیان پێنییە بۆ کورد، پتر لە خاپاندن و دەستبڕین و کاتبردنەسەرو خۆ کۆکردنەوە بۆ پەلاماردانی کورد، ئەوجا پەلامارێکی گەلێك خراپتر لە ئەنفالەکەی سەددام، چۆنکە؛ ئەمجارە، هەرچەندە بەسەر زاری، بەنێوی دیمۆکراتی و هەڵبژاردنیی ئازادو بردنەوەی زۆربەی زۆری دەنگەکانەوە دەبێ، بەڵام، لەبنچینەدا؛ ئامانجی ئەمانە؛ دامەزراندنی رژێمێکی دیکتاتۆرانەی ئاینی و گەلە کۆمەڵییە، کە ئەمەیان، گەلێك مەترسیدارترو دەستوەشێنترو خوێنرێژترە لەدیکتاتۆرێتیی تاکەکەسی و حیزبی و، ئەوەی وای لە جەعفەری و مەلا سیستانی و سۆلاخ و موقتەدا سەدرو گەلەکۆمەی شیعەکان کردووە، کە جارێ هێمن بن و چاوەروان بکەن، ئەوەیە کە هێشتا لاوازو بێدەسەلاتن و، بەربەرەکانێی سوننیەکان لەدژیان بەهێزەو، ئەمریکاش لەعێراقدایە، ئەگەرنا؛ دەمێك بوو پەلاماری کوردستانیان دابوو. دەمێکە باسی ئەوەشمکردووە کە شیعەکان لەکاتی بێهێزی و دەستنەرویشتندا، پەنا دەبەنە بەر لێبو ئەو پرنسیپەی کە، نێویان ناوە "تقیة" واتە؛ خۆشاردنەوەو بێدەنگبوون و دەرنەبرینی مەبەستی راستینەی خۆیان، ئەمەش لەگەڵ تێپەربوونی سەتان ساڵدا بووەتە پاڵپێوەنەرێك بۆ خووگرتن بەدرۆکردنەوەو، دانانی درۆ بە "حەلال" بۆ خۆیان، کە بە "درۆی شەرعی نێوی دەبەن" هەر ئەم پەروەدەیەشە کەوایکردووە کاتێك کە تۆ لەگەڵ فارسێکدا دەکەویتە قسە، لەباتی جارێك دەجار، "بالێ؛ بالێ و چشم و چاکرتم و قوربانت بروم" و چی و چی دەبیسیت لێی، گومانت لەوە دەبێ؛ ئایا ئەم زمانە شیرینە چەورەی؛ ئاوێنەی هەستی دەروونێتی یان نا!!

دەڵێن، قسە قسە دێنێ... ساڵانێك لەمەوبەر، رۆژێکیان وارێککەوت لەگەڵ ناسیاوێکی عەرەبدا، ماوەیەك بەسەر شەقامێکدا پێکەوە رۆیشتین، لەپڕ تووشی دۆستێکی فارس بووم، کە رووبەرووی ئێمە دەهات و، ماوەیەك وەستاین لەگەڵیەك و، هێندەك لەهەواڵی یەکدیمان پرسی و، کە جیابووینەوە، ناسیاوە عەرەبەکە گوتی، "وادیارە ئەو کورە فارس بوو". گوتم: چۆنت زانی؟ گوتی: کەمێك فارسی تێدەگەم، چۆنکە لەنێویاندا ژیاوم". ئەمەشی بەجۆرێك گوت، کە ناچار بووم بێژم "پێموایە؛ دڵگرانیت لێیان". گوتی "ببوورە، بەراستی نامەوێ بزانم دۆستایەتیی تۆ لەگەڵ ئەو کورە فارسە چۆنە..." قسەکەم پێبری و گوتم" ئەو برادەرە دەمێکە دەناسم و کورێکی زۆر باشە و دڵپاکە"، گوتی "ئەوە نازانم؛ بەڵام هەر کاتێك فارسێك ببینم، درۆم بیر دەکەوێتەوە".

نامەوێ زۆر لەسەر ئەم بابەتە برۆم، ئەوەندە نەبێ کە بێژم، سەرەتای "تقیة" کە "کتمان" (دەرنەخستن)یشی پێدەڵێن، لەئیسلامیشدا هەیە، ئەگەرچی بەم شێوەیە نییە کە شیعەکان بەکاریدەهێنن. ئەوەتا لە حەدیسێکی پەیامبەری موسڵمانانا هاتووە کە دەبێژێ: "إستعينوا علی قضاء حوائجکم بالکتمان، فإن کل ذي نعمةٍ محسودٌ". لەگەڵ ئەمەشدا، پێدەچێ کە ئەم پرنسیپی "تقیە"و "کتمان"ەی، لای فارسەکان؛ مێژوویەکی کۆنی هەبێ، چۆنکە زەردەشت؛ ئاینێك و فەلسەفەیەکی گەورەو گرانی لەسەر بنچینەی چوون بەگژدرۆدا دامەزراندووە، تەنانەت وشەی "درۆ" لەوشەی "درنج"ەوە هاتووە کە بە پەهلەوی "دروژ"ە، (سەرنجی وشەی "دێوو درنج بدەن" کە دیارە دێوو درنج بەدوژمنی خودێ دراونەتە قەڵەم).

پاش ئەم پێشەکییە، دەمەوێ چەند پرسیارێکی رەوا ئاراستەی دوو زلحیزبەکەو هەموو ئەوانەش بکەم کە بەفەرمانی ئەم دوو زلحیزبە، دەجووڵێنەوەو، هەموو ئەوانەش کە لەنێوەوەو دەرەوەی وڵات چوونە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقەوەو، بەدەستی خۆیان، خۆیان کرد بەعێراقی و، تکام ئەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، کە دەمێکە کە کردوومن ئەگەر سووتیشیان نەبێ؛ زیانیان نییە:

* باشە! کە بەرنامەی حکومەتەکەی جەعفەری ئاوابێ، ئێدی بەڵگەی ئەم دوو زلحیزبە چییە بۆ مانەوە لەنێو حکوومەتی شیعەکانداو، چاوەروانکردنی بێکەڵك و دواخستنی هێنانەدی مافەکانی کورد، هەتاکو جەعفەری، یان یەکێکی دیکە لەوپەرگر (متطرف) تر، خۆی بەهێز دەکا کە بتوانێ، بەزۆری ژمارەی شیعەو، دەنگی دژبەکوردی زۆربەی خەڵکی عێراق، کورد بیدەنگ بکاو داخوازییەکانی کورد بەشێوەیەکی "دیمۆکراتانە" پێشێلبکا؟ بۆچی دەبێ ئەم هەلە بدرێ بە ئاغای جەعفەری و داروەستەی؟

* ئایا دوو زلحیزبەکە دەڵێن چی بەرامبەر بەوەی کە رژێمی ئێران و رژێمی ترك رێککەوتوون، لەسەر ئەوەی بەیارمەتیی حکوومەتی جەعفەری شەر بەو گێریلایانەی PKK بفرۆشن کە پەنایان هێناوە بۆ چیای قەندیل؟ ئەمە لەکاتێکدا کە PKK وازی لەهەموو داخوازییەکی بنچینەیی خەڵکی کوردستان هێناوەو، بەوە رازییە کە رژێمی ترك "لێبوردنێکی گشتی" دەربکا بۆیان و، ئەوانیش بگەرێنەوەو بکەونە کار بۆ دامەزراندنی "کۆماری دیمۆکراتی ترکیا". ئایا دوو زلحیزبەکە لە جەعفەریان پرسیوە، کە چووە بۆ ئەنقەرە؛ باسی چی بەنهێنی کردووەو لەبەرچی هۆشیار زێباری لەگەڵ خۆی نەبردووە؟ ئایا رێزگرتنی لە "هەڤاڵبەندێتی"ی کورد ئەمەیە؟

* ئایا دوو زلحیزبەکە دەڵێن چی بەرامبەر بەو قسەیەی جۆرج دەبلیو بوش کە گوتی "دیمۆکراتیی ترکیا؛ نموونەیەکە بۆ هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین"؟ بۆچی سەرکردەکانی دوو زلحیزبەکە، نەیانتوانیوە، یان نەیانویستووە، تائێستە؛ لە جۆرج بوش، یان لەو وەزیرانەی بوش کە هاتنە کوردستان بگەیێنن، کە ئەگەر "دیمۆکراتی ترکیا" ببێتە نموونە بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین، مانای وایە دەبێ کورد واز لە زمان و فەرهەنگ و خاك و تەنانەت بوونی خۆشیان بهێنن؟ ئایا ئەم قسەیەی جۆرج دەبلیو بوش؛ لەگەڵ ئەو قسەیەی خانمی کۆندا لیزارایس؛ یەکدەگرنەوە کە لەهەولێر باسی هاورێیەتیی گەلی کوردو گەلی ئەمریکای کرد؟ ئایا مام جەلال، کە چەند مانگێکی کەمی ماوە وەك سەرکۆمار، بیری لەوە کردووەتەوە کە ئەم دەرفەتە بەکاربهێنێ و چەند سەفەرێکی ئەمریکاو ئەوروپا بکاو، کێشەی کوردو کوردستان لەدەستەلاتدارانی ئەو وڵاتانە بگەیەنێ؟ ئایا چوونی مام جەلال بۆ، ئەنقەرەو تاران و دیمەشق بەکاری کوردو کوردستان دێ؟.

* ئایا سەرکردەکانی دوو زلحیزبەکە؛ هیچ کاتێك بیریان لەو کردووەتەوە کە هۆی هەرەسەکەی بەهاری حەفتاو پێنج، شل و فشەڵیی رێککەوتنی مارتی حەفتا بوو؛ کە چوار ساڵ کاتی دا بە سەددام و رژێمەکەی، تا خۆیان بەتەواوی کۆکردەوە، ئایا ئەگەر لەوە وانەیەك فێر بووبن، نەدەبوو جارێ نەچنە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقەوە، هەتا کێشەی کەرکووك و کێشەی خاکە بە عەرەبکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان تەواو دەبوو؟ ئایا سەرکردەکانی کورد؛ بەرپرسیار نین لەوەی کە تا ئەورۆ، جەعفەری، نەك هیچ هەنگاوێکی لەو بارەوە نەناوە، بەڵکو لەسەر نەخشەی بەعسییەکان دەروا بەرێوە؟ ئایا ناکرێ ئولتیماتۆمێك (انذار) بدەن بە جەعفەری و رەپوراست بێژن پێی، ئەگەر لە ئەورۆوە تا یەك مانگ، داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێنەکەیت، ئێمە لەحکوومەتەکەت دەردەچین؟ ئایا ئەو وریاکردنەوەیە کە ئەگەر بەراستی بێ، کورسی تەقولەقی جەعفەری تەقولەقتر ناکا؟ باشە، بۆچی دەبێ دۆخی عێراق و حکومەتی جەعفەری کە ئامانجی بەعەرەبکردنی کوردستان بێ، بەخوێنی سەربازی کورد بەرەو سەقامگیری ببرێ؛ بۆچی نابێ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەحکوومەتی جەعفەری بکشێتەوەو، حکومەتی جەعفەری تادرەنگ نەبووە، برووخێنرێ.

* ئایا دواخستنی دەستبەکاربوونی پەرلەمانی پارتی و یەکێتی بۆ ماوەی چوار مانگ و، یەکنەگرتنەوەی دوو بەرێوەبەرێتیەکەی سلێمانی و هەولێرو رێگرتن لە دامەزراندنی بەرێوەبەرێتیی پارێزگەی کەرکوك، لەبەر خاتری بەرژەوەندیی تەسکوتروسکی حیزبایەتی، نەبوو بەهۆی ئەوەی حکومەتی جەعفەریش و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش؛ زات بدەنە بەر خۆیان و، یەك هەنگاو بەرێی مافی کورددا نەیەنە پێشەوە؟ رۆژنامەی "خەبات"یش دەنووسێ: رۆشنبیران مافی ئەوەیان نییە بپرسن بۆچی وتووێژی دوو حیزبە سەرەکییەکە بێ ئەنجام بوو" یان بزانن "بۆچی راگەیاندنی پێکهاتن دوادەخرێ" "خەبات" ئەمە بە کلکایەتی بۆ جەماوەر دادەنێ (خەبات ژ ١٨١٧، ٦/٧) واتە "خەبات" دەیەوێ رۆشنبیران قوروقەپ بکەن بەرامبەر کەلەگاییی دوو زلحیزبەکە.

* ئایا نەدەبوو، پاش ئەوەی جەعفەری وشەی فیدراڵی و دیمۆکراتی لەسوێنددانی وەزیرەکانی لابرد، سەرکردەکانی کورد رێنەدەن بەسوێندخواردنەوەی، بەڵکو وەزیرەکانیان بکێشنەوەو، ئەو وەزیرانەی کە بەو سوێندە نادروستە رازیبوون بخەنەبەر لێپرسینەوەو، هەروەها جەعفەری خۆشی بخەنە بەر لێپرسینەوەو، تەنانەت دادگەییکردنیش؟ بەرامبەر بە چ دەسکەوتێك ئەم مافە رەوایەی کوردیان، ئا بەو شێوەیە کردە قوربانیی هیچ؟

* چەند جارو چەند جار گوتوومەو نووسیمە؛ کە بنەماڵەی حەکیم لە نەجەف، بنەماڵەیەکی فارسن. "مجلس اعلای انقلاب اسلامی عراق" لەساڵی ١٩٨٢داو لەئێران بەفەرمانی خامەنەیی دروستبوو. سەرکردەکانی ئەم "مجلس"ە، باقر حەکیم و حەمید رەزا ئاسەفی و هاشمی شاهروودی بوون. ئەمانە کە بەدرۆ، خۆیان بەعێراقی دەدایە قەڵەم، هەرزوو دەرکەوت کە ئەوانە فارسن، حەمید رەزا ئاسەفی ئێستە قسەکەری رژێمی ئێرانە لەتاران و، هاشمی شاهرودیش؛ سەرکردەی دادگەکانی ئێرانە (قاضي القضاة)ە. میلیشیای "بەدر"یش؛ چەند هەزار چەکدارێکن کە لەلایەن حیزبوڵڵای ئێرانەوە مەشقیان پێکراوەو بەشێکیان لەسەردەمی رژێمی سەددامداو، لەژێر سایەی حکوومەتی "یەکێتی"دا لەسلێمانی دەژیان و یەك گوللەیان نەناوە بەرژێمی سەدامەوەو، لەکاتی گرانی و بێنانیدا لەباشووری کوردستان، کە کورد شێوی شەویان نەبوو، ئەو "بەدرانە"؛ باشترین خواردنیان دەدرایەو، باشترین ژیان دەژیان. ئەوجا ئێستە کە دەرکەوتووە ئەمانە کێن و بنەماڵەی حەکیم بەرامبەر بە مافی کوردو بەتایبەت کەرکوك چ "دەفەرموون"، ئایا راستە؛ یەکێکی وەك مام جەلال بچێ پیرۆزبایی لە داروەستەی "بەدر" بکاو پەسنیانبدا؟ ئایا ئەمە هەڵوێستێکی بەرپرسیارانەیە لە مام جەلالەوە؟ ئەمە لەکاتێکدا کە داروەستەی حەکیم، نەچوون بۆ پیرۆزباییی پەرلەمانی پارتی و یەکێتی و نەچوون بۆ سەرخۆشیی کەسوکاری قوربانییەکانی کاری تیرۆریستانەی ١ی شوباتیش و کەسیشیان نەنارده کوردستان؟ برای بەرێز مام جەلال دەبێ بزانێ کە ئەو بەدەنگی کورد بووە بە سەرکۆماری عێراق نەك بەدەنگی چەکدارەکانی بەدرو بنەماڵەی حەکیم و جەعفەریی ئەڵقە لەگوێی مەلا سیستانی. مەلا سیستانی؛ لەلای مەلاکانی سلێمانی کە چووبوون بۆ لای، پشتگیریی عەرەبە هاوردەکانی کەرکوکی کردو، دژی قانوونی بەرێوەبردنی کاتیی دەوڵەت پەیامی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نارد.

* کێ بەرپرسیارە لەوەی کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هێندە، دواخرا؟ ئایا دیاریکردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی پارتی و یەکێتییەوە، مانای ئەوە نییە کە سەرۆك هەرێم دەبێتە سەرۆکی سلێمانی و هەولێرو دهۆك و، ئەمەش وەك بەڵگەیەك دەکەوێتە دەست داگیرکەران و نەیاران و، ئەو حەلە دەبێژن: خۆتان ئەوەتانکردووە!! ئایا راستتر نەبوو، وەك لەوتاری "ئەفسانەی سەرۆکایەتیی هەرێم"دا نووسیبووم (میدیا ژ/ ١٩٤) سەرۆکهەرێم بەهەڵبژاردن بێ و، ئەوجا لەهەموو ستانەکانی کوردستانداو، هەروەها لەبەغداو ئەو شوێنانەی، کە کوردستانی و کوردی لێن، بەڵام کوردستان نین و، هەر لەو کاتەشدا بیروڕای کۆمەڵەو حیزب و رێکخراوو کەسایەتییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەوروپا و ئەمریکا وەربگیرایە، کە ئەمە دەبوو بە بەڵگەنامەیەکی قانوونی بۆ ئەوەی کە سەرۆکهەرێم، سەرۆکی هەموو کوردو کوردستانییەکانە، نەك سەرۆکی سێ ستان. سەرۆکهەرێم دەبێ بەو شێوەیەی سەرەوە هەڵبژێردرێ و، دەسەلاتێکی واپێبدرێ وەك سەرۆککۆمار. بەتایبەتی دەبێ فەرماندەی هێزەکانی لەشکری کوردستان بێ و، جێگری نەبێ؛ بەڵکو لەکاتی پێویستدا سەرۆکی پەرلەمان بریکاریی بکاو باشتریش ئەوەیە سەرۆکهەرێم دەسەلاتی سەرۆکوەزیرانیشی هەبێ و، واتە پایەی سەرۆکوەزیران لاببرێ. بەڵام سەرۆکهەرێم دەبێ چەند راوێژکارێکی هەبێ، وەك راوێژکاری قانوونی، راوێژکاری رامیاری، راوێژکاری سوپایی، راوێژکاری فەرهەنگی و... هتد. بە بۆچوونی من دەبێ سەرۆکهەرێم ئاوا هەڵبژێردرێ و، ئەو دەسەلاتەشی هەبێ کە باسمکرد، ئەگەرنا، ئەگەر ئەمەش بکرێتە حیزبحزبێنە، ئەوا سەرۆکهەرێم نەبێ باشترە.

* ئایا ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلاو پارانەوەیە لەعەرەبە سوننیەکان بۆ بەشداریکردن لەحکوومەتی عێراق و بەشداریکردن لەنووسینی دەستوری عێراقدا هیچ سووتێك بە کوردو کوردستانییەکان دەگەیێنێ؛ لەکاتێکدا کە هەڵوێستی زۆربەی زۆری سوننییەکان ئەوەیە کە عێراق وەك گەل و خاك بەشێکە لە "نیشتمانی عەرەب"و کەمەیەکی کەمیشیان لەبابەتی چیرۆکی شێخە کەبابخۆرەکەی کاك خەفوور مەخمووریین.

* ئایا پەرلەمانی پارتی و یەکێتی دەتوانێ خۆی بەنوێنەری کوردستان بزانێ ئەگەر ئاوا بەرامبەر تیرۆرکردنی زاناو خەباتکاری گەورەی کورد شێخ مەعشووق خەزنەوی، بێدەنگ بێ؟ ئایا راستە کە ئەم پەرلەمانە لەکوشتاری رۆژی یەکشەممەی خۆپێشاندانی قامشلۆ بێدەنگ بێ؟

بەراستی، ئەگەر خۆمان نەخڵەتێنین، دەبێ دان بەوەدابنێین، کە کێشەی کورد، پاش ئەوەی تیشکی هیوایەکی بەر کەوت، ئێستە، بەسایەی حیزبحزبێنەوە بەرەو چارەنووسێکی لێڵ و تەماوی هەنگاو دەنێ.

٢٠٠٥/٦/١٠

لە پەرلەمانی کوردستان دا کێ نوێنەرایەتی کەمئەندامان دەکات؟

مەهابلد قەرەداغی- ستۆکهۆڵم

کەمبوونی یەکێك لەئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، ئیدی زگماکی بێت یان بەهۆی رووداو یان کارەساتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوەو یان هەر هۆکارێکی تر، وا دەکات بەربەست بۆ چالاکییەکانی ژیانی رۆژانەی دروست ببێت و، کۆمەڵێك پێویستی جیاواز دەهێنێتە ئاراوە بەپێی جۆرو رێژەی کەمی ئەندامە دیاریکراوەکەی لەشی.

شەهیدانی کوردستان سەروەرن، چونکە نەك هەر ئەندامێك هەموو ئەندامەکانی جەستەیان و رۆحی خۆشیان بەکوردستان بەخشی. وەك بەرپرسیارێتییەکی نەتەوەیی و ویژدانی خۆمان بەرامبەر بەوان، ناتوانین لەبۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا لەیادیان بکەین و وەکو نەریتێکی جوان، خولەکێك بۆ بەرز راگرتنی یادی ئەوان، بەپێوە رادەوەستین.

بەڵام هەم وەك بەرپرسیارێتییەکی ویژدانیش و هەمیش وەك پرنسیپێکی مرۆڤانەی گەردوونی، پێویستە کەمئەندامەکانی کوردستان، هەم ئەوانەی کە بەهۆی سیاسییەوە ئەندامیان لەدەست داوەو سوتەمەنی شۆرشەکانی کورد بوون، هەمیش ئەوانەی کە بەزگماك یان هۆی دیکە ئەندامیان لەدەست داوە، لەبیر نەکرێن و لەناوەندەکانی بڕیاردا دەنگ و داواکانیان بگاتە جێ.

هێندەی من سەرنجم داو زۆر بەوردیش سەرنجم دا، کەمئەندام نوێنەری خۆی لەپەرلەمانی نوێی کوردستاندا نەبوو. ئەی کێ داواکانی ئەوان بگەیەنێتە جێ، کام تەواو ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێ لەخەم و ئەندێشەی ئەوانەوە داخوازییەکانیان بەرجەستە بکات؟

هەق بوو هەر یەك لەحیزبەکانی کوردستان یەکێك لەو پێشمەرگانەی خۆی کە ئەندامێکی کردووەتە قوربانی بۆ کوردستان ئەو مافەی پێ رەوا ببینێت نوێنەرایەتی کەمئەندامانی کوردستانی پێ بکات.

هیچ جیاوازییەك لەنێوان مافی کەسێکی تەواو ئەندام و کەسێکی کەمئەندامدا نییە، بەڵام لەپێویستییەکانیاندا جیاوازی هەیەو دەبێت رەچاو بکرێت. ئەگەر کەمئەندام خۆی نوێنەرایەتی خۆی نەکات، رەنگبێ پێویستییەکانی ئەو بەبیری کەسێکی تردا نەیەت تا بۆی بکات بەداخوازی و پێشنیارو بڕیار.

نموونەیەکی هەرە سادە، گریمان یەکێك لەکەمئەندامانی سەر گالیسکە ئەندامی پەرلەمانی نوێ بووایەو وەك ئەوانی تر بیویستایە بچێتە بەر ئەو مینبەرەو سوێندەکەی بخوات، چۆن دەگەیشتە ئەو مینبەرەی کە لەسەر شانۆیەکەو "تەنها پلیکانە" هەیە بۆ گەیشتنە سەر شانۆکە. هەموو مینبەرو شانۆکانی وڵاتی ئێمە بەشێوەیەك دروستکراوە کە تەنها قاچساخێك بتوانێ بیگاتێ، نەك کەمئەندامێکی سەرگالیسکە! ئەگەر لەپەرلەمانی پێشوودا یەك لەوان نوێنەرایەتی کردبان، دڵنیام داوای دەکرد لەکاتی دروستکردنی خانوویەکی دووقات بایر لەسەرکەوتنی گالیسکەیەکیش بکرێتەوە، بەهەمان شێوە لەکاتی دروستکردنی شانۆیەك جگە لەپلیکانە، رێچکەیەکی لێژ بۆ گالیسکە دروست بکرێت.

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر بنەماکانی مرۆڤایەتی بنیات دەنرێت و پێویستە مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵ لەبەرچاو گیراو بێت. ئەوانەی یەکێك لەئەندامەکانی لەشیان، یان یەکێك لەهەستەکانیان لەدەست داوە، با مافەکانیشیان لەدەست نەچێت. ئێمە کەئێستا لەسەروبەندی بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێی کوردستانین، کە خوازیارین مەدەنی بێت، با لەسەر ئەو بناغەیە بنیاتی بنێین.

من پێشنیار دەکەم کە ئەگەر ئەمجارەش ئەم دەرفەتەیان لەکیس درا، با لەخوولی سێیەم لەبیر نەکرێن و بهێنرێنە نێو هاوکێشەکانەوە. بۆ ئێستاش قەرەبووی ئەو مافە لەدەستچووەیان بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەش پێشنیار دەکەم لیژنەکانی پەرلەمان، بەتایبەت لیژنەی گەنجان و ئافرەتان لەپەیوەندییەکی بەردەوامدا بن لەگەڵ رێکخراوەکانی کەمئەندامان، بەتایبەتی یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان کە هەزاران ئەندامیان هەیە.